Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

# گلدانەوەی پێش دادگایی

# و

# بەگژداچوونەوەی  ئەشکەنجەدان

ئامادەکردنی پارێزەران
بكر حمه صديق
سۆران ابراهيم عارف

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

# گلدانەوەی پێش دادگایی

## لە دەقە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا

ئامادەکردنی

پارێزەر :بکر حمە صدیق

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

باسەکان:-

1. گلدانەوە (حجز) چیە؟
2. شەرعیەتی گلدانەوەی کەسێك
3. چ کەسێك دەگیرێت؟
4. دەسەلأتی دادوەری
5. لە چ حالەتێکدا خەلك بۆیان هەیە کەسانی تر بگرن؟
6. بڕیاری دادگا بۆ گلدانەوە.
7. دەقی یاساو ڕێگەپێدانی گلدانەوە.
8. یاسای پارێزگاکان.
9. یاسای (انضباط موظفي الدولة).
10. چەند یاسایەکی تر بۆ نموونە.
11. گلدانەوەی نایاسایی چیە؟
12. گلدانەوە بە پێوەرەکانی مافی مرۆڤ.
13. کلێشەی داوای سزایی و مەدەنی.
14. بەرئەنجامی گلدانەوەی نایاسایی (الحجز التعسفی)چیە؟
15. ڕاسپاردەو پێشنیار.
16. سەرچاوەکان.

ووشەی (حجز)لە ماددەی(105)ی(ی.س.ع)یدا هاتووە لە ژێر ناوی (التدابیر الاحترازیه السالبه للحریه أو المقیده لها)کە دەڵێ: (یوضع المحکوم علیه بالحجز في مأوی علاجي في مستشفی أو مصح للأمراض العقلیة أو أي محل معد من الحکومة لهذا الغرض –حسب الاحوال التي ینص علیها القانون- مدة لا تقل عن ستة أشهر ،وذلك لرعایته والعنایة به)وەك دیارە ئەم جۆرە (حجز)ە بۆ کەسێکە بڕیاری دادگایی لەسەر دەرچوبێت و لەبەر هەر هۆیەکی تەندروستی یان کۆمەلأیەتی یان دەروونی لە جیاتی بەندیخانە لەو شوێنەدا (حجز)دەکرێت بە بڕیاری دادگا.

یاسا دانەری عێراقی بۆ پرۆسەی گلدانەوەی کەسێك پێش دادگاییکردنی ووشەی (توقیف)بەکاردەهێنێ لە جیاتی (حجز)جگە لە هەندێ حاڵەتی تایبەت کە باسی دەکەین.

کەواتە (حجز)کردن چیە؟

وەلأم/(حجز) واتە:-گلدانەوە دەست بەسەر کردنی کەسێك لەلایەن کەسێك یان دەسەلأتێکی ڕەسمی بە شێوازێکی یاسایی یان نایاسایی پێش ئەوەی دادگایی بکرێت.

کەواتە(حجز)کردن کەسێك دەیکات یان دەسەلأتێك ئەنجامی دەدات کە دەسەلأتێکی ڕەسمیەو بەشێکە لە ئۆرگان و دەسەلأتی ڕەسمی دەوڵەت بەلأم هەندێ جار پشت بەست بە فەرمانێکی سەرەوەی خۆی ئەو کارە دەکات کە بڕیاری (دادگا)یەو دەبێ جێبەجێی بکات یان لێپرسراوی سەرەوەی خۆی ئەو کارەی پێدەکات بێ ئەوەی فەرمانی (حجز)کردنەکە لەلایەن دادوەرەوە دەرچووبێت.

هەندێ جار یاسا ڕێگە دەدات بە گلدانەوەی کەسانێك وەك ئەمری واقع وەك شالأوی(مداهمة)وگلدانەوەی چەند کەسێکی گومان لێکراو لە شوێنێکی گوماناویدا بە چەکەوە..

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

شەرعیەتی (حجز)کردن یان (گلدانەوە)ی کەسێك:

(م.92)(اصول المحاكمات الجزائيه رقم 23 سنه 1971) دەڵێ: (لايجوز القبض على أي شخص أو توقيفه الا بمقتضى أمر صادر من قاض أو محكمة أو في الاحوال التي يجيز فيها القانون)

به پێی ئەم دەقه سێ دەسەڵات بۆی هەیه کەسێك بگرێت:-

1-دادوەر(لێکۆڵینەوە - کەتن).

2-دادگا (دادگای سزاکان).

3-رەوایەتی یاسا (دەقی یاسا).

چ کەسێك (دەگیرێت)؟

(تۆمەتبار به تاوانێك که لەیاسایەکی بەرکاردا به تاوان دابنرێت).

م/16بڕگەی(4)(الفعل) (كل تصرف جرمه القانون سواء كان أيجابيا أم سلبيا كالترك والامتناع مالم يرد نص على خلاف ذلك).

جگه لەو سێ حاڵەتەی سەرەوە هیچ دەسەڵاتێك به هیچ بیانوویەك بۆی نیه کەسێك بگرێت یان دەستبەسەری بکات یان بەندی بکات ،له دەرەوەی ئەو سێ حاڵەتەدا، هەر کەسێك تووشی گلدانەوە هات بۆی هەیه سکاڵای سزایی لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەدا تۆماربکات دژ به ئەو کەسەی ئەو کارەی ئەنجامداوە،ئەو کاتە به پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت یان داوای قەرەبوو بەرزبکاتەوە لەبەردەم دادگای بەرایی دا و بۆ داواکردنی قەرەبوو .

پرسیار :ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی یان دەسەڵاتەی کەسێك (حجز)دەکات رەسمی بێت بەڵام ئەو دەسەڵاتەی لەلایەن یاساوە پێنەدرابێت ،حاڵەتەکەی چی دەبێت ؟

وەڵام/وەك حاڵەتەکەی پێشوو بۆی هەیه سکاڵای سزایی تۆماربکات هەروەها بۆی هەیه داوای قەرەبووکردنەوە تۆماربکات دژ بەئەو دەسەڵاتەی ئەو کارەی کردووە.

دەسەڵاتی (دادوەر)له گلدانەوەدا:-

مەبەست له دادوەر لێرەدا دادوەری لێکۆڵینەوە یان(کەتن)ە که کاری سەرەکی دادگای لێکۆڵینەوە له بنەرەتدا کۆکردنەوەی زانیاریه لەسەر تاوانەکەو چۆنسازی یاسایی و له کۆتاییدا هەواڵەکردنی لاپەرەکانی تاوانەکە بۆ بەردەم دادگای تایبەتمەند که دادگای (کەتن)یان دادگای(سزاکان)ە.

له کاتی پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا،هەندێ جا دادوەر پەنا دەباتە بەر راگرتنی (توقیف)ی تۆمەتبارێك بۆ ماوەیەکی کەم یان هەتا کاتی هەواڵەکردنی تۆمەتبارەکە بۆ بەردەم دادگای تایبەتمەند.

تایبەتمەندیەکانی راگرتن به بڕیاری دادوەر

یەکەم- پێویسته ئەو فەرمانه به نووسین لەلایەن دادوەرەوە دەربچێت لەسەر رووپەرەی لاپەرەکانی لێکۆڵینەوە،به پێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە.

م 92 (أصول المحاكمات الجزائيه).

دووەم/ فەرمانی گلدانەوەکه ئەم زانیاریانەی تێدایه (ناوی تۆمەتبار و شۆرەتی و پێناسی و وەسفەکانی و شوێنی نیشتەجێ بوونی و کارەکەی و جۆری ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵی و مادده یاساییەکەی و رۆژی فەرمانەکەو ئیمزای بڕیاردەرو مۆری دادگاکه....زیاد لەوانەش پێویسته فەرمانەکه ئاراستەی ئەندامانی الضبط القضائي و تاکەکانی پۆلیس بکرێت بۆ گلدانەوەی تۆمەتبارەکە... ئەگەر هاتوو ئامادەیی تێدا نەبوو که مل کەچی فەرمانی دادوەربێت) م.93 (أصول

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

ئەندامانی (ضبط القضائي)بریتین لە:-

1-ئەفسەرانی پۆلیسی فەرمانداری پۆلیس و (مفەوەز)کان.

2-موختاری گوندو گەڕەکەکان.

3-بەڕێوەبەری هێڵی شەمەندەنەفەرو جێگرەکەی وبەرپرسی بەندەری دەریایی و کاپیتانی کەشتی و فرۆکەو یاریدەدەرەکانیان لەو شوێنانەدا کە تاوانەکە روودەدات.

4-سەرۆکی فەرمانگە گشتیەکان و دام دەزگا رەسمی و نیمچە رەسمیەکان سەبارەت بەو تاوانانەی کە لە ناویاندا روودەدات.

5-ئەو کەسانەی کەکاری خزمەتگوزاری گشتی ئەنجام دەدان و دەسەلاتی پشکنین و گرتنەبەری رێگایان پێدراوە لە سنوری یاسادا.

م/39(أصول).هەموو ئەندامەکانی (الضبط القضائي)مل کەچن بۆ فەرمانی دادوەری لێکۆلینەوە .

سێیەم/فەرمانی دادوەر لە هەموو جێیەکی عێراقدا بەرکارە و پێویستە کاری پێ بکرێت هەتا ئەو کاتەی جێبەجێ دەکرێت یان کۆتایی پێ دەهێنرێت (94/أ /أصول).

چوارەم/پێویستە تۆمەتبار ئاگاداربکرێت بە ناوەڕۆکی فەرمانی گلدانەوەکە و بهێنرێتە بەردەم ئەو کەسەی فەرمانەکەی دەرکردووە.

پێنجەم/هەموو دادوەرێك بۆی هەیە فەرمانی گلدانەوە دەربکات بۆ هەر کەسێك تاوان ئەنجام بدات لەبەردەمیدا. (م.98 أصول)

پ/لە چ کاتێکداخەڵك بۆیان هەیە کەسانی تر بگرن؟

وەلأم/لە سێ حالەتدا

یەکەم/ئەگەر تاوانەکە بەبەرچاوەوە بوو (جريمة مشهودة).

دووەم/ئەگەر پێشتر بە پێی یاسا فەرمانی گلدانەوەی هەبوو.

سێیەم/ئەگەر پێشتر لەلایەن دادگاوە بە (غیابی)حوکمی بەندی کردنی بەسەردا درابوو.

چوارەم/سەرخۆشی لە شوێنی گشتیدا و تێکدانی ڕەوشەکەو ئاژاوەنانەوەو لەسەنتەر دەرچوون.

سەرنج/لەو حالەتانەدا بوونی فەرمانی گلدانەوە پێویست نیە(م/102 أصول)

پێنجەم/پۆلیس و ئەندامانی (ضبط)ی قەزایی بۆیان هەیە کە هەر کەسێك بگرن ئەگەر پێشتر فەرمانی گلدانەوەی هەبووبێ یان چەکداری نایاسایی یان کەسێك گومانی زۆری لەسەربێ کە تاوانێکی ئەنجام داوەو شوێنی نیشتەجێبوونی نەزانرێ یان کەسێك شەڕبفرۆشێ بە ئەندامێکی (ضبط)ی قەزائی یان فەرماندارێکی گشتی لە کاتی کارکرندا (م.102-103 أصول)

سەرنج:-پێویستە دوای گلدانەوەکە دەستبەجێ ئەو کەسە گیراوە تەسلیم بە بنکەی پۆلیس بکرێت،ئەگەر بەرەنگاری کرد دەتوانرێ کە تا رادەیەك هێزی لەگەڵدا بەکاربهێنرێت بە ئەندازەی پێویست (م/108 أصول).

سەرنج/ماوەکانی گلدانەوە 15 رۆژەو تازە دەکرێتەوە بەمەرجێ بە کۆی هەموو تازەکردنەوەکان ماوەی گلدانەوەکە نەگاتە چواریەکی لایەنی هەرە زۆری ماوەی سزادانەکەو لە هەموو کاتێکدا نابێ لە (6مانگ)زیاتربێت.ئەگەر لەوە زیاتر بوو دەبێ دادوەری لێکۆلینەوە رەزامەندی دادگای جینایات وەربگرێت ئەو کاتەش نابێ لە چواریەکی ماوەکە زیاتربێت،خۆ ئەگەر زیاتر بوو ئەوا پێویستە بە کەفالەت بەربدرێت،(م.109 فقره ج أصول).

بڕیاری دادگا بۆ گلدانەوە:-

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

دادگای کەتن یان دادگای سزاکان بۆیان هەیە فەرمانی گلدانەوە بۆ هەر تۆمەتبارێك دەربکەن کە پاش فـەرمانی ئامادەنـەبوون ئامادەنەبێت یان شوێنی وون بێت(143 – 144 أصول)

دەقی یاساو رێگەپێدانی گلدانەوە:-

بـێ گومـان کـە هـەر بڕیـارێکیش دادوەر دەریـدەکات یـان لەلایـەن دادگایەکـەوە دەردەچـێت بـەپێی دەقێکـی یاسایی ئـەو کـارە جێبـەجێ دەکرێت،بـەلاّم هـەموو ئـەو بڕیارانـە بـە فـەرمانی دادوەر بـەڕێوە دەچـن و ئەنـدامانی(ضبط)ی قـەزایی فەرمانەکـە جێبەجێ دەکەن.

لەم حاڵەتەیاندا دەقێکی یاسایی هەیە رێگە دەدات بە کەسێك یان دەسەلاّتێك کـە کەسـێکی دیـاریکراو بگـرن و(حجـز)ی بکـەن لێـرەدا بـاس لـەوە ناکـەین کـە ئـەو کـارە راسـتە یـان نـا بـەڵکو بـاس لـە هەڵوێـستی یاسـا دەکـەین کـە شـەرعیەت دەدات بـەو گلدانـەوەە...بەشـێکی هـەرە زۆری ئـەو یاسـایانە بـەرماوەی ئـەو یاسـایانەن کەلـە رۆژگارەکـانی دەسـەلاّتی پێشووی عێراقـدا دەرچوون و هەتا ئێستا کاریان پێ دەکرێت و گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە، ئەو یاسایانەی کە رێگە دەدەن بە کەسێکی سەر کـار یان دەسەلاّتێك کـە فـەرمانی گلدانـەوەی تۆمـەتبارێك یـان کەسـێکی ئاسـایی دەربکـات زۆرن،ئێمـە لێـرەدا ئامـاژە بـە هـەموویان نادەین بەلاّم لەسەرناوەرۆکی هەندێکیان دەوەستین وەك نموونە..

یەکەم/یاسای پارێزگاکانی ژمارە 159ی ساڵی 1969 (م/19ف) (لرؤساء الوحدات الادارية المشمولة بالبيـان الـذي يصدره الـوزير في حالة وقوع حوادث مخلة بالامن أو التحريض على وقوعها حق إصدار أوامـر إلقـاء القـبض علـى الفـاعلين والمحرصين وتـوقيفهم لمدة سبعة أيام  يمارسها المحافظ في المحافظة وخمسة أيام بالنسبة للقائم مقام ومـدير الناحيـة كل ضـمن وحدتـه الأداريـة ويجوز لكل منهم تحديد مدة التوقيف للمدة المذكورة ولمدة واحدة إذا اقتضت متطلبات التحقيق أو صيانة الأمن ذلك).

واتە: هەموو سەرۆکی یەکە کارگێریەکان کە روونکردنـەوەی وەزیـر دەیانگرێتـەوە لـە حاڵـەتی روودانـی بەسـەرهاتی تێکـدەری ئاسایش یان هاندانی ئەو جۆرە کارە مافیان هەیە کە فەرمانی گلدانەوە دەربکەن بۆ بکەران و هاندەران و لە بەندیخانەدا بیان هێڵنەوە بۆ ماوەی حەوت رۆژ، پارێزگار ئەم کارە لەناو پارێزگادا دەکات ،پێنج رۆژیش بۆ قائم مەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان هەریەکەیان لە سنووری یەکە کارگێریەکانی خۆیاندا ،هەریەکێك لەوانـەش بـۆی هەیـە مـاوەی گلدانەوەکـە درێـژ بکاتـەوە بـە ئەندازەی ئەو ماوەیەی باسکراوە تەنها بـۆ جارێك،ئەگـەر هـاتوو پێداویستی لێکۆڵینـەوە یـان پارێزگـاری ئاسایش وای پێویست دەکرد .

دەبینین لێرەدا پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێریەکان بەپێی ئەو یاسایە مافی گلدانەوەی خەڵکیان پێ دراوە لەبیرمان نەچێت کە لە رۆژگارەکانی حکومەتی بەعسدا بەپێی ئەم ماددەیە چەندین کەس بەبەهانەی جیاجیا لەلایەن پارێزگارو سەرۆکی یەکە کارگێریەکانەوە دەگیران و دواتریش ئەشکەنجەدەدران و هەندێکیشیان بە تۆمەتی سیاسی لەناودەبران.

لـە ماددەیـەکی دیکـەی یاسـاکەدا هـاتووە کـە مـاددەی (136)ە: (کـارگێری خۆجێیـەتی بـە دەسـەلاّتی گشـتی دادەنرێ،لـە ڕووی یاساییەوە بۆی هەیـە داوابکـات کـە دانیشـتوانی ناوچـەکەی ملکەچـی فەرمانـەکانی بـن جا ئـەو فەرمانانـە(پـێ راگـەینراو) بـێ یـان(ئاشـکرا)هـەروەها پێویسـتە ملکەچـی فەرمانبـەرو کارگوزارەکانیشـی بـن لـە کـاتی جێبـەجێ کردنـی کـارە رەسمیەکانیانـدا هەرکەسێ سەرپێچی لەوەبکات بە یەکێ لـەو ماددانـەی یاسـای سـزادان سـزا دەدرێـت کـە تایبـەتن  بـە سـەرپێچی فەرمانـەکانی دەسەلاّتی گشتیەوە.

فەرمانەکانی دەسەلاّتی گشتی لە یاسای سزادانی عێراقیدا چین؟

مادده(140)یاسای سزادانی عێراقی دەڵێ(يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على ستة أشهر أو بغرامة لاتزيد هلى مائـة دينـارا كل مـن خـالف الأوامـر الصـادرة مـن موظـف أو ملكـف بخدمـة عامـة أو مجـالس بلديـة أو هيئـة رسميـة أو شـبه رسميـة ضـمن سـلطاتهم

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

القانونية.... )لێرەوە سەرنج دەدەین کە سەرۆکی یەکەی کارگێری سەرباری ئەوەی کە دەسەلاّتی دادوەری پێ دراوە زیاد لەوانەش یاسا ئەو دەسەلاّتە دەپارێزێ بە ماددەی سزایی وەك لە ماددەی(240)ی یاسای سزادانداا دەبینن.

یاسای(انضباط موظفي الدولة والقطاع الاشتراكي)ژمارە 14ی سالّی 1991 ماددەی (24)ی یاساکە دەلّێ(إذا ظهر للوزير أو رئيس دائرة المخول من الوزير أو مجلس الانضباط العام ان في فعل الموظف المحال الى التحقيق أو في محتويات المتهمة جرما نشأ من وظيفته أو ارتكبه بصفته الرسمية فتجب أحالته الى المحاكم المختصة).

بێ گومان ئەو هەوالّەکردنە لێرەدا بۆ دادگای لێکۆلّینەوەیە کە یەکەم بریاری لێرەدا بریتیە لە(راگرتن)ی ئەو فەرمابنەرە(بەندیخانەدا ،کێشەکەش لێرەدا ئەوەیە کە ئەم بریارە بەندە بە شێوازی تێگەیشتن و لێکدانەوەی وەزیرەوە بۆ سەرپێچی فەرمانبەرەکەو شێوازی جێبەجێکردنی یاساکە ، هەتا ئێستا لە هۆیەکانی دادگادا بەشێکی زۆر لەو بڕیارانە نایاسایی بوون و کارەساتی ستەم و ئازاردان ونان بڕینیان لێ کەوتۆتەوە)جگەلە لەکەدارکردنی ناوبانگ و شۆرەت و وەزنی کۆمەلاّیەتی ئەو کەسە.

⋆یاسای ژمارە(37)یسالّی 1961

(یاسای هانابردنی ناچاری قانون الأستعانة الأضطرارية)

م/3(بەپێی ئەم یاسایە پارێزگارو قائم مەقام دەسەلاّتی دادوەری سزای پلە یەك وەردەگرن بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە).

م/4 (هەر کەسێك سەرپێچی فەرمان و ئاگاداریە دەرچووەکانی سەرۆکی یەکە کارگێریەکان بکات،بەپێی ئەم یاسایە سزادەدرێت بەبەندەکردن بۆ ماوەیەك کەلە یەك سالّی زیاتر نەبێت یان غەرامەیەك لە(300)دینار زیاتر نەبێت یان بە هەردوو سزاکە پێکەوە).

⋆یاسای ژمارە(6)ی سالّی 1962 (یاسای ئاودێری)

م/(15)

بەندیکردنی هەمیشەیی و کاری قورس یان بەندیکردن.

ماددەی(16) بڕگەی (7)هەر کەسێ سەرپێچی فەرمان و روونکردنەوەکانی دەسەلاّتی ئاودێری بکات سزا دەدرێ بە بەندیکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێ یان بە غەرامەیەك یان بە یەکێ لەو دوو سزایە.

بنەڕەتی سزادانەکە چیە؟پشت بەستن بەو راپۆرتەی کە لەلایەن فەرمانگەی ئاوێریەوە دەرچووە،مەگەر پێویست بکات کە فەرمانبەری تایبەتمەند لەبەردەم دادگادا ئامادەبێت.

بەپێی هەمان یاسا سەرۆکی یەکەی کارگێری ئەم دەسەلاّتانەی هەیە لە حجزکردن و بەندیکردنی خەلّکانی تردا:-

1. غەرامە کردن ئەگەر نەیدا بەندیکردن.
2. توندکردنی سزای بەندی تەنانەت دوای تەواوکردنی ماوەی مەحکومیەت.
3. هەوالّەکردن بۆ بەردەم دادگا.

دەسەلاّت لە یاسای ژمارە (82)ی سالّی 1976 یاسای چاککردنی یەکەمی یاسای (رێکخستنی ئاژەلّ سەربڕین)ی ژمارە 22ی سالّی 1972.

ماددەی (چوار)

(حبس)کردن لە شەش مانگ زیاتر نەبێت لەیەك مانگ کەمتر نەبێت یان بە غەرامەیەك لە (200)دینار زیاتر نەبێت و لە (30)کەمترنەبێت لەگەلّ دەست بەسەراگرتنی گۆشتی ئاژەلّەکە.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

هەندێ یاسای تری وەك :-

یاسای ژمارە 105 ی ساڵی 1989.

1. یاسای پاکژکردنی دووەم یاسای ڕێکخستنی ئاژەڵ سەربڕین.

2. یاسای ژمارە 71ی ساڵی 1978.

یاسای پاراستن و گەشە پێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی

3.یاسای ژمارە(21)ی ساڵی 1979

یاسای پاراستنی ئاژەڵ و باڵندە کێویەکان.

4.یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 1983

یاسای لەوەرگا سروشتیەکان.

5.بڕیاری ژمارە (515)لە ژمارە 2047 (الوقائع العراقية)ی ڕۆژی 1985/5/27

دەسەڵاتی قازی (جنح)دراوە بە قائم مەقام بۆ سەیرکردنی ئەو داوایانەی پەیوەستن بە ماددەی ژمارە(388)بڕگەی(1)لە ی.س.ع.

ماددەی ژمارە(388)فقرة (1)(ی.س.م)دەڵێ(كل صاحب حانة أو محل عام أخر وكل مستخدم فيه قدم مسكرا لحدث لم يبلغ عمره(18)سنة كاملة يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على ستة أشهر أو بغرامة لاتزيد على خمسين دينارا).

6-یاسای ژمارە 112ی ساڵی 1989

یاسای پارێزگاری کردنی تۆڕەکانی ئاودێری و پاڵێوی و پاراستنی زەویە چاککراوەکان.

هەموو ئەو پرۆسەی گلدانەوە و ڕاگرتن و(حجز)انەی هەرکەسێك یان دەسەڵاتێك لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادوەر یان دادگایەکی تایبەتمەند یان دەقێکی یاسایی سەر پشککراودا ئەنجامی دەدات کارێکی نایاساییەو لە دوو ڕووەوە بەرپرسیارێتی یاسایی تێدایە:-

رووی یەکەم/بەرپرسیارێتی سزایی کە بکەری ئەو تاوانە دەخاتە بەردەم لێکۆڵینەوەی دادگاو وەك هەر کەسێکی ئاسایی پێویستە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا بکرێت و مامەڵەی تۆمەتباری لەگەڵدا بکرێت.

ڕووی دووەم/بەرپرسیارێتی مەدەنی هەر جۆرە زیانێك لە ئەنجامی هەڵس و کەوتی کەسێکی دی کە بکەوێتەوەو ببێتە هۆی هەر جۆرە ناخۆشیەك بۆ کەسێتی یان شۆرەت یان بارستی کۆمەڵایەتی یان وەزیفی کەسی زیان لێکەوتوو دەتوانێ داوایەکی قەرەبووکردنەوە تۆماربکات لەبەردەم دادگای بەراییدا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە ماددی و ئەدەبیانەی لێی کەوتووە لە ئەنجامی ئەو گلدانەوەە نایاساییەدا.

گلدانەوە (حجز)ی نایاسایی چیە؟

هەر جۆرە گلدانەوەێك کە بە فەرمانی دادوەر یان دادگایەك یان ڕێپێدانێکی یاسایی نەبێت پێی دەووترێ کارێکی نایاسایی هەندێ جار گلدانەوەکە یاساییە بەڵام شێوازی گلدانەوەکە زیادەڕۆیی تێدادەکرێت،یان ئەو کەسە سەر پشك کراوە بۆ کارێکی تایبەتی کەچی لەو سنورە دەرواتە دەرەوە بۆ کارێکی تر کە لە مەودای دەسەڵاتی ڕێگەپێدراوی ئەودانیە،ئەمەش کارێکی نایاساییە هەردوو جۆرە بەرپرسیارێتیەکە دەیگرێتەوە.

گلدانەوە(حجز) بەپێوەرەکانی ماڤی مرۆڤ:-

لە نێو جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکان و ئەرشیفی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێوەرێکی دیاریکراو لە ئارادانیە بۆ دەستەبەرکردنی ماڤی ئەو کەسانەی کە پێش دادگاییکردن دەگیرێن و ئازادیان لێ

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

زەوت دەكرێت باسەكەشی تەنها پەیوەست نیە بە گلدانەوەی پێش دادگایی كردنەوە بەڵكو هەل و مەرجی گلدانەوەكەو شوێن و شێوازی مامەڵەكردنی گیراوەكەو دابین كردنی رێورەسمی یاسایی بۆ دادگایی كردنێكی عادیلانە بۆ گیراوەكە مەسەلەیەكی گرنگە ،هەموو برگەو بەندەكانی رێنومایی نەتەوە یەكگرتووەكان لەسەر ئەم تەوەرانە دەدوێن لە رێنوماییەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا كە لە ساڵی 1994دا لە جنێف راگەینرا ، هەندێ خاڵی دەستەبەری دیاریكردووە بنەرەتی ئەو دیاریی كردنە دەگەرێتەوە بۆ بەندەكانی جاری گەردوونی مافەكانی مرۆڤ ،لەوانە:-

1-بەندی(3):- هەموو كەسێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە.

2-بەندی (5):-هەموو مرۆڤێك ئەشكەنجەو سزا نادرێت و رەفتاری توندوتیژی درندانەو ئابڕووبەرانەی لەگەڵدا ناكرێت.

3-بەندی(9):- نابێت هیچ كەسێك بەشێوازێكی رەمەكی بگیرێت و دەست بەسەربكرێت یان دووربخرێتەوە.

وەك رەنگدانەوەیەكی ئەم پرەنسیپانە(نەتەوە یەكگرتوەكان) كۆمەڵێ رێوشوێنی دیاریكردووە بۆ دەستەبەركردنی مافی (محتجز)گیراو پێش دادگایی كردنی لەوانە:-

1-بە خێرایی هەواڵەكردنی گیراوەكان بۆ بەردەم دادوەر بەمەبەستی گوێگرتن لێیان بەبێ نواندنی هیچ خاویەك لەوەدا.

2-بەبێ هۆیەكی (معقول)نابێ هیچ كەسێك دەستبەسەر بكرێت،مەگەر مەترسی هەبێت بۆ كۆمەڵگا.

3-پێویستە هەوڵ بدریت كە(بدیل)دابنرێت بۆ گلدانەوە وەك(بەردان بە كەفالەت)وەرگرتنی(ضمانة)ی تر.

4-پێویستە ئەو كەسە گیراوانە لە ژێر چاودێری دەزگای رەسمیدابن و پارێزگاری لە جەستەو گیانیان بكرێت.

5-مافی سەردانی كەس و كار.

6-پێویستە ماوەی دەست بەسەركردنەكە زۆر نەخایەنێت.

7-ئەژماركردنی ماوەی دەست بەسەركردنەكە لەگەڵ ماوەی حوكمەكەدا.

## كلێشەی داوای سزایی

چۆن سكالاٚ بەرزدەكرێتەوە بۆ بەردەم دادگا

بەرێز/دادوەری دادگای لێكۆڵینەوەی......

بابەت/سكالاٚ

سلاٚو.....

من كە ناوم(                    )ە،لە رۆژی (2006/1/1)بۆ رۆژی(2007/1/1)لە بەندیخانەی(..........)دەستبەسەر كرام بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێكی یاسایی بخرێتە پاڵم ئەو كەسانەش لێكۆڵینەوەیان لەگەڵداكردم دادوەر نەبوون و خۆیان پێ نەناساندم هەروەها پێیان نەوتوم لەسەر چی گیراوم –سەرەرای ئەوەی سوكایەتیان پێ كردم وئەشكەنجەیان دام پاش یەك ساڵ لە گلدانەوە بەرەڵلاٚیان كردم .

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

بۆیە سکاڵاّم هەیە دژ بە

1-

2-

3-

هەروەها داوای قەرەبوو دەکەم

هۆکانی سەلماندن        سکاڵاّکار

- گیراو:.............

- پێناس/

- دانیشتووی/

کلێشەی داوای مەدەنی

بەرێز دادوەری دادگا بەرایی............

داواکار: (ناوی سیانی        )    شوێنی نیشتەجێبوون

گەرەك............

کۆڵان...............

ژمارەی تلفۆن..........

داوالەسەرکراوان/ 1-وەزیری...........بەخستنەسەری کارەکەی.

2-بەرێوەبەرێتی.........بەخستنەسەری کارەکەی.

3-بەرێوەبەری(فەرعی)...........بەخستنەسەری کارەکەی.

ناوەرۆك:-

داوالەسەرکراوی سێیەم بە چاودێری و رەزامەندی و فەرمانی داوا لەسەرکراوانی دووەم و یەکەم هەستا بە گلدانەوەی (من)داواکار بۆ ماوەی یەك ساڵ لە رۆژی(2006/1/1)هەتا(2007/1/1)بێ هیچ بەهانەیەك و بەڵگەیەکی یاسایی و بەشێوازێکی ناشرین مامەڵەیان لەگەڵدا کردم کە بووە هۆی گەیاندنی زیان بە جەستەم و شۆرەتم و ناوبانگم و بارستی کۆمەڵایەتی و وەزیفیم کە ئەستەمە وەك جاران بتوانم وەك کەسێکی ئاسایی بژیم یان قەرەبووی ئەو ماوە گلدانەوەە نایاساییەم بکەمەوە..

رووی داواکە:-

داوا دەکەم رەزامەندی بفەرمون لەسەر بانگهێشت کردنی هەرسێ داوالەسەرکراوان بەخستنەسەری کارەکانیان و بڕیاربدەن بەسەریاندا:-

1-ناچارکردنیان بە هاوبەشی و هاوکاری (متكافلين ومتضامنين)سەرەرای کارەکانیان بەدانی قەرەبویەکی مادی ئەو ساڵەی کە لە کاروکەسابەتی دوکانەکەم دابراوم کە بریتیە لە بڕی(10,000,000) دە ملیۆن دینار.

2- ناچارکردنیان بە هاوبەشی و هاوکاری(متكافلين ومتضامنين)سەرەرای کارەکانیان بە دانی قەرەبوویەکی ئەدەبی و مەعنەوی بەمن هەروەها بەسەردادانی تێچوونی داواکە .......سوپاست دەکەم.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

هۆكانی سەلماندن: داواكار

-هەموو هۆ یاسایی و كەسیەكان ناوی سیانی/.......

شوێن/.........

ناسنامە/..........

تێبینی/ هەموو بەڵگەكانی سەلماندن پەیوەست دەكرێ بە عەریزەی داواكەوە.

بەرئەنجامی گلدانەوەی نایاسایی (الحجز التعسفی)چیە؟

یەكەم/دەوڵەت دەكەوێتە ژێر پرسیاری پێشێل كردنی مافەكانی مرۆڤەوە بە تایبەتی لە ئەمرۆدا كە حكومەتی هەرێمی كوردستانی و عێراق لەبەردەم ئەزموونی چارەنووسی سازدان و تۆمەتباركردنیان لەلایەن هەر رێكخراوێكی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی مەدەنیەوە ناوبانگی حكومەت لەكەدار دەكات و متمانەی ناهێڵێت.

دووەم/هاریكاری دەوڵەتانی دۆست و هەوادارانی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ لەدەوروبەرو دراوسێدا بۆ ئێمە كەم دەبێتەوەو ئەگەری نەمانیشی هەیە.

سێیەم/هاووڵاتی ئاسایی متمانەی بەراستگۆیی و حكومەتەكەی نامێنێت و لەوانەیە لە جیاتی پەنابردنە بەر یاسا ،هۆكاری توندوتیژی هەڵبژێرێت كە ئەمە بەرئەنجامێكی ترسناك و خراپە بۆ حكومەت و خەڵك.

چوارەم/هەر سكاڵایەكی سزایی كەلەسەر دام و دەزگایەكی حكومەت تۆماربكرێت وێنەی ئەو حكومەتە ناشرین دەكات و راپێچی بەردەم دادگای دەكات خۆ ئەگەر بڕیاری تێدا دەربچێت بە ئیدانە،ئەوا دەبێتە بەڵگەیەكی سەلمێنراوی قەزایی كە حكومەت یاسا شكێنەو مافی مرۆڤ پێشێل دەكات.

پێنجەم/هەر داوایەكی مەدەنی لەسەردام و دەزگای حكومەت سەربگرێت ئەوا زیانی دەیان ملیۆن دینار لە هەر داوایەكدا لە خەزێنەی حكومەت دەردەچێت،بە هۆی هەڵەی دەزگایەكەوە كە دەكرێ ئەو پارەیە بۆ بوارێكی خزمەتگوزاریی باشتر خەرج بكرێت.

شەش/هەموو جۆرە گلدانەوەێكی نایاسایی حاڵەتێكی ناسروشتی و پڕ لە رق و كینەو تۆڵە لە نێوان هاووڵاتی و حكومەتدا دروست دەكات ،لە جیاتی ئەوەی هاووڵاتی و دەزگاكانی حكومەت بەهی خۆی بزانێ وەك (خصم)ی خۆی سەیری دەكات و پشتیوانی لێ ناكات چونكە مامەڵەی حكومەت لەگەڵیدا نا(شفاف)ەو زیاتر لە گومان و شیتەڵێك هەڵدەگرێت ،كە زۆرجار هاووڵاتی بۆ لێكدانەوەی سەلبی دەبات.

راسپاردەو پێشنیار:-

1- كەمكردنەوەی ئەو حاڵەتە یاساییانەی كە رێگەدەدات بە دەسەڵاتی كارگێری بۆ (حجز)كردن و راگلدانەوەی هاووڵاتیان لەسەر تۆمەتی جۆراوجۆر.
2- كاراكردنی زیاتری رۆڵی دەزگای داواكاری گشتی و دەركردنی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی دادو بەستنەوەی بە(ئەنجومەنی باڵای دادوەری)هەرێمی كوردستانەوە،بۆئەوەی بتوانێ وەك دەسەڵاتێكی یاسایی سەربەخۆ ئەو داوایانە بجوڵێنێت كە پەیوەستن بە ژیان و ئازادی و ئاسایشی هاووڵاتیانەوە.
3- كاراكردنی رۆڵی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی كوردستاندا بۆ چاودێری و بەدواداچونی ئەو حاڵەتە نایاساییانەی كەبەهۆی دەست تێوەردانی هەندێ لەلایەن حزب و دام و دەزگاوە روودەدەن.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

4- کاراکردنی لیژنەکانی چالاکی کۆمەڵگای مەدەنی و بەهەنـدوەرگرتنی ئـەو راپۆرتانـەی پێشکەشـی دەکـەن بـۆ لیژنـەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستاندا بۆ ئەوەی کاری لەسەربکرێت.

سەرچاوەکان


1- یاسای (أصول المحاكمات الجزائیه) ژماره 23 ساڵی 1971

2- یاسای سزادانی عێراقی ژماره 111 ساڵی 1969

3- یاسای پارێزگاکان ژماره 159 ساڵی 1969

4- یاسای (أنضباط موظفي الدولة والقطاع الاشتراكي)ژماره 14ی ساڵی 1991

5- جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ.

6- مافەکانی مرۆڤ و دەستبەسەرکردنی بەرلە دادگایی –بلاّوکراوەکانی سەنتەری مافی مرۆڤ /بەشی بەرگرتن لە تاوان و دادپەروەری جنائی نەتەوە یەکگرتوەکان.

7- یاسای شارستانی عێراقی ژماره40ی ساڵی 1951

8- یاسای دادبینی شارستانی ژماره 83ی ساڵی 1969

9- یاسـای هـەموار کردارەکـان و دەسـەڵاتی قـەزایی یەکـە کارگێریـەکان (ئامـادەکردنی مـاف پـەروەر عثمـان شـێخ خالـد وەرگێرانی بکر حەمە صدیق)

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

# ڕێکەوتننامەی بەگژداچوونەوەی ئەشکە نجەدان

ئامادەکردنی سۆران ابراهیم عارف

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

## سەرەتا :

بەدرێژایی مێژوو مرۆڤەکان لە کاتی ڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ دەستەڵات یان لەکاتی دەستگیر کردنیان لەلایەن دەستەڵاتەوە بەهەرهۆیەك بوبێت دووچاری ئەشکەنجەو ئازاردان بوون جا بەهۆی جیاوازی بیروڕایان یان بۆ ئەوە بووبێت کە دان بە تاوانێك یان کارێکدا بنێن یان بۆ وەرگرتنی زانیاری بێت لە خۆیان یان فشار بوبێت بۆ وەرگتنی زانیاری لە کەسێکی نزیکیان ، وەیان بۆ ئەوە بووبێت گیانی ناڕەزایی و بەهەڵستی دژی دەستەڵات بنەبڕبکەن .

ئەشکەنجەدان و ئازاردانی مرۆڤەکان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیان بوبە جێی گرنگی دانی کۆمەڵگای نێودەوڵتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چەندین هەنگاوی نا بۆ بنەبڕکردن و نەهێشتن و بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی توند و نایاسایی لەگەڵ مرۆڤەکان ، لەگەڵ دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامادەکردنی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤەکان گرنگیەکی زۆر درا بە لایەنی ئەشکەنجەدان وە بۆ ئەم مەبەستە مادەی (5 ) نابێت هیچ کەسێك ملکەچ و دووچاری ئەشکەنجەو ئازاردان و مامەڵەی توندی نامرۆڤانە یان سزای توند بکرێت کە ئیهانەی کەرامەتی مرۆڤەکان بکات ) تایبەت کرا بە قەدەغەکردن و بەتاوان دانانی ئەشکەنجەدان ، هەروەها مادەی ( 7 ) لە ڕێککەوتنامەی مافە مەدەنی سیاسیەکان لە ساڵی 1965 دا تایبەت کرا بە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان و ئازاردانی مرۆڤەکان ( نابێت هیچ کەسێك دوچاری ئەشکەنجەدان یان مامەڵەیان سزای توند و نامرۆڤانەبکرێت کە پێشێلی کەرامەتی مرۆڤەکان بێت ، وەبەشێوەیەکی تایبەت نابێ هیچ تاقیکردنەوەیەکی زانستی یان پزیشکی لەسەرهیچ کەسێك بکرێت بەبێ ڕەزامەندی ئازادانەی ئەو مرۆڤە ) ، هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکان جاڕنامەیەکی تایبەتی لە 9 ی کانونی یەکەمی ساڵی 1975 دا ڕاگەیان سەبارەت پاراستنی مرۆڤەکان لە ئەشکەنجە دان و ئازاردان و خراپ مامەڵە کردنیان بەشێوەیەکی نامرۆڤانە کە التزامێکی ئەخلاقی دروست کرد لو نێوان وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان .

سەرەڕای بوونی ئەم جارنامە و مادە یاساییەنەی نێو یاسای نێودەڵتی کە ئەشکەنجەدانیان قەدەغە دەکرد و بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ ناساندیان بەڵام وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێوەیەکی خاپ بە بڵاو ئەشکونجەیان بەکاردەهێنا و مرۆڤەکان لە وڵاتانە دووچاری مامەڵەی نامرۆڤانەو توند دەبوونەوە ئەو برگانەی ئاماژەمان پێدا نەیانتوانی سنوور بۆ ئەشکەنجەدان دابنێن ، بۆیە نەتەوەیەکگرتووەکان کەوتە کار بۆ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەیەك کە ملزم بێت بۆ ئەو وڵاتانەی دەبنە ئەندام تێیدا وە لە ئاستی نێو دەوڵتی و ئاستی ناوخۆی وڵاتەکان کار بکات بۆ بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجە دان و مامەڵەی نامرۆڤانەو توند.

لەسەر ئاستی نێودەولەتی کاربکرێت بۆ دامەزراندنی میکانیزمێك و دەزگای تایبەت کە ئەرکی چاودێری کردن و دەسنیشان کردنی حاڵەتەکانی پێشێلکاریەکان بێت و ئەداو پابەند بوونی دەوڵتە ئەندامەکان چاودێری بکات سەبارەت بە کاکردن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەو ئازاردانی مرۆڤەکان .

لەسەر ئاستی ناخۆی وڵاتە ئەندامەکانیش سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە حکومەتەکان لە ڕووی یاسای و قەزائی و تەنفیزیەوە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ نەهێشتن و بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجە دان ، پێویستە دەزگای سەربەخۆی تایبەت دروست بکرێت کە ئەرکی پاراستن و نەهێشتنی تاوانی ئەشکەنجەدان بێت کاری چاودێری و هوشیاری

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

بکات لە ئەنجام دانی هەر کارێکی ئەشکەنجەدان ، هەروەها پێویستە کە بەرنامەی هوشیارکردنەوە و ڕاهێنان بکرێت بۆ ئەو کەسانەی بەرپرسن لە لێکۆڵینەوەو دەستگیر کردن و دەست بەسەرکردنی تۆمەتباران بۆ ئەوەی بتوانن کاری ئەشکەنجەدان بنەبڕبکەن .

هەروەها لە سەر ئاستی ناخۆی وولاتەکان پێویستە دەزگاکانی حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان هاوکاری ڕێکخراو و دەزگا تایبەتەکان بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکەن کارئاسانی بکرێت بۆ ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆیی و ڕێکخراوە نێودەوڵتیەکان کە بتوانن کاری چاودێری و سەردانی گرتووخانەکان بکەن هەتا لە ڕەوشی زیندانی و بەندکراو و ڕاگیراوەکان ئاگادار بن و لەکاتی ئەگەری ڕوودانی هەر کارێکی ئەشکەنجە دان دەنگ و سکاڵای ئەشکەنجەدراوەکە بگەیەنە ڕێکخراوە جیهانیەکان و دەوڵەت بەشێوەیەکی عادیلانە قەرەبۆی هەرزیانێك بکاتەوە کە لەوکەسە کەوتووە.

بۆ بەدیهێنانی هەموو ئەو مەبەستانە نەتەوەیەکگرتوەکان ڕێکەوتن نامەی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان و هەموو شێوەکانی مامەڵەی توندی نامرۆڤانە ڕاگەیاند لە 10ی کانونی یەکەمی 1984 دا ، وە پاشان لە 18ی کانونی یەکەمی 2002 دا پرۆتۆکۆلی یەکەمی اختیاری ڕاگەیاند کە تایبەتە بە دامەزراندنی لیژنەی فەرعی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان لەسەر ئاستی نێودەوڵتی و هەروەها دامەزراندنی ئالیاتی تایبەت لە ناخۆی وولاتەکاندا دابمەزرێنرێت بۆ ئەنجام دانی کاری سەردانی گرتووخانەکان و شوێنی ڕاگرتنی ڕگیراوەکان .

## ڕێکەوتن نامەی بەگژداچوونەوەی ئەشکە نجەدان و هەموو شێوەکانی مامەڵەی توندی نامرۆڤانە

ئەم ڕێکەوتن نامەیە لەلایەن کۆنگرەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاگەیەندرا لە 10ی کانونی یەکەمی 1984 دا ، وە لەبەرواری 26 ی حوزەیرانی 1987 بەپێی مادەی 27 / 1 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پێناسەی ئەشکەنجەدان :

ئەم ڕێکەوتن نامەیە ئەشکەنجەدانی بەوەپێناسەکردوە : ئەشکەنجەدان بریتیە لە هەرکارێك کە ببێتە هۆی ئازارە عەزابێکی توند جەستەیی بێت یان دەروونی کە بەئەنقەست دووچاری کەسێك بکرێت بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەو کەسە یان کەسێکی تر کەلەوەوە نزیك بێت یان بۆ دانپێدانان بە تاوانێك کە کردبێتی یان گومان هەبێت کەکردبێتی وە یان بەهۆی جیاکاری و جیاوازی نەتەوەیی یان عرقی یان هەر شێوازێکی تری جیاوازی ، کە ئەم ئازاردانە لەلایەن فەرمانبەرێکی رەسمیەوە کرابێت یان بەئامادەبوونی یان بەهاندانی یان بە بێ دەنگ بوون لێ ی .

ئەم ڕێککەوتن نامەیە وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتن نامەکەی پابەند کردوە بە چەند التزامێکەوە لە سەر ئاستی ناوخۆ ، گرنترین ئەوخاڵانە ئەمانەن :

1- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە ، دەبێت کە ڕێوشوینی یاسایی، ئیداری و دادوەری چالاك بگرنە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە لەئەشکەنجەدان لە سنووری دەستەلاتی ئەو دەوڵەتە ، وەنابێت بەهیچ شیوەیەك هیچ بیانویەکی وەك بونی شەڕ ، نائارامی ، مەترسی سیاسی و هتد بکرێتە پاساوێك بۆ ئەنجامدانی ئەشکەنجەدان ، هەروەها نابێت بوونی فەرمان لە کاربەستانی سەرەوە یان دەستەلاتی گشتیەوە بکرێتە پاساوێك بۆ ئەنجام دانی ئەشکەنجەدان .

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

2- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە نابێت هیچ کەسێك دەربکات یان بگێڕێتەوە یان تەسلیم بە دەوڵەتێك بکات کە مەترسی ئەوەی هەبێت دووچاری ئازارو ئەشکەنجە بێتەوە لە لایەن دەستەڵات دارانی ئەو وڵاتەی تروە .

3- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە دەێت زەمانەتی ئەوەبکەن کە ئەشکەنجەدان لە یاسای سزاداندا بەتاوان لەقەم بدرێت و سزاش دابنرێت یۆ هەرکەسێك کەکاری ئەشکەنجەدان ئەنجام بدات یان بەشداربێت بەهەر شێوەیەك لە ئەشکەنجەداندا.

4- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە دەبێت ڕێوشوێنی قەزایی و زەمانەت بدات کە بۆ دادگایی کردنی هەرکەسێك کە کاری ئەشکەنجەدان ئەنجام بدات یان هاوکاری بکات لە ئەنجام دانی ئەشکەنجەدان لەسنووری دەستەڵاتی ئەودەوڵەتە .

5- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە پاش لێکۆڵینەوەی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستیدایە ، ئەگەر بۆی دەرکەوت کە پاساو هەیە بۆ دەستگیر کردنی هەرکەسێك لەسەر خاکەکەی کە هەستاوە بە ئەنجام دانی کاری ئەشکەنجەدان لە وڵاتێکی تر ، ئەو کاتە دەبێت ڕێوشوێنی یاسایی و قەزائی بگرێتە بەر دژ بەوکەسە بە شێوەیەك هاوشێوە بێت لەگەڵ ڕێوشوێنی یاسایی و قەزایی وڵاتەکەی ، وە دەبێت ماوەی گلدانەوەکەی ئەوەندە بێت کە بەزووترین کات تەسلیم بەوڵاتەکەی بکرێتەوە یان لەم وڵاتە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و دادگایی بکرێت و وڵاتەکەی خۆی لە هۆکاری گلدانەوە و ئەنجامی دادگایی کردنەکە ئاگادار بکرێتەوە.

6- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە دەبێت تاوانی ئەشکەنجەدان بەو تاوانانە دابنێت کە شیاوی ئەوەیە تاوانبارەکە تەسلیم بەوڵاتەکەی بکرێتەوە .

7- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە پێویستە پرۆگرامی قەدەغەکردن و نەهێشتنی ئەشکەنجەدان بخاتە بەرنامەی ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی ئەو فەرمانبەرو بەرپرسانەی کە بەپرسن لە دەستگیر کردن و دەستبەسەراگرتن و لێکۆلینەوە و بەندکردن ، پێویستە ئەو پرۆگرامانە کار بکات بۆ نەهێشتن و بنەبڕکردنی ئەشکەنجەدان و وە ئەم پرۆگۆامە بە یاسا ڕێکبخرێت و ڕێنماییەکان لەخزمەت بەدیهێنانی ئەو مەبەستە بن .

8- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە پێویستە ڕێسا و یاسای تایبەت بۆ لێکۆلینەوە و چۆنیەتی وەرگرتنی گوفتار و دەستگیر کردنی تاوانباران و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی اصولی دەربکات وە پێویستە ئەم یاسایانە لە تەواوی وڵاتدا کاری پێبکرێت بۆ ڕێگەگرتن لەئەشکەنجەدان و مامەڵەی توندی نامرۆڤانە .

9- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە گرنتی ئەوە دەدەن کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشێوەیەکی خێرا هەڵدەستن بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەر ڕوودانی هەر ئەشکەنجەدانێك .

10- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە مافی ئەوە دەدات بەهەر هاوڵاتیەك کە دووچاری ئێشکەنجەدان بوبێتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی سکاڵا تۆماربکات دژ بەوانەی کە ئەشکەنجەیان داوە و دەبێت دەوڵەت سەلامەتی سکاڵاکار و شاهیدەکان ئەو بەڵگەنامانەی بۆ سەلماندنی سکاڵاکەی پێشکەشیان دەکات بپارێزرێن لە هەردەست درێژیەك یان لە ترساندن .

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

11- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە دەبێت مافی ئەو کەسانە بپارێزێت کە دووچاری ئەشکەنجەدان دەبن و مافی ئەوەیان هەبێت داوای مافی قەرەبۆ کردنەوە بکەن وەئەگەر کەسە ئەشکەنجەدراوەکە مرد ئەوا پێویستە وەرەسەکەی مافی داواکردنی قەرەبۆیان هەبێت .

12- هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە نابێت بەهیچ شێوەیەك هیچ دانپێدانانێك یـن شاهیدیەك بەهەند وەربگرێت و نرخێکی یاسایی بداتێ لە دادگا یان لایەنە رەسمیەکاندا ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەو دانپێدانانە یان شاهیدیە لەژێر ئەشکەنجەدا وەرگیراوە .

لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی ئەم ڕێککەوتن نامەیە ئالیەتێکی هێنایە کایەوە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان بەناوی لیژنەی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان ، ئەم لیژنەیە لە 10 کەسی بسپور لە بواری مافەکانی مرۆڤ پێك دێت کە لە وڵاتانی ئەندام لە لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە دەبێت لەو کەسانە بن کە بە هەڵبژاردن هەڵدەبژرێن بۆ ماوەی دوو ساڵ .

گرنگترین خاڵ لە سەرئاستی نێو دەوڵەتی لە مادەکانی 19 و 21 و 22 ی ئەم ڕێککەتننامەیە دا داڕێژراوە کە :

1- هەر دەوڵەتێك لە دەوڵتە ئەندامەکانی ئەم ڕێککەوتن نامەیە لەماوەی ساڵێکدا پاش ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتن نامەیە دەچێتە باری جێبەجێکردنەوە ، راپۆرتێك پێشکەش بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی کە گرتویەتیە بەر بۆ بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نامرۆڤانە .

2- بۆئەوەی دەوڵتە ئەندامەکان بتوانن هاوکاری لیژنەکەبکەن و لە هەمان کاتدا ئەرکی چاودێری یەکتری بکەن سەبارەت بە پێشێلکاریەکان کە پەیوەندیان بە ئەشکەنجەدانەوە هەیە ، دەتوانن بە پێی مادەی 21 لەم ڕێککەوتن نامەیە دانبەوەدا بنێت کە لیژنەی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان دەتوانێت ئاگانامە وەربگرێت لە سەر دەوڵتێك لەلایەن دەوڵەتێکی تروە پێشکەش بکرێت .

3- هەروەها بەپێ ی مادەی 22 ی ئەم ڕێککەوتنامەیە بۆ هەردەوڵەتێکی ئەندام لەم ڕێککەوتن نامەیە کە دانبەوەدا بنێت بۆ لیژنەی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان هەیە کە سکاڵای هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە ئەندامە وەربگرێت و لێکۆڵینەوەی تیدا بکات . بەمەرجێك کە ئەو سکاڵانامەیە ناو واژووی سکاڵاکەرەکەی لەسەر بێت بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێت . وە پێویستە پاش ئاگادار کردنەوەی وولاتەکە لە ماوەی شەش مانگدا وەڵامی لیژنەکە بداتەوە سەبارەت چارەسەرکردنی کێشەکە و ئەو ڕێو شوێنانەی کە گیراوەتەوە بەر بۆ ئەو مەبەستە.

## پرۆتۆکۆلی ئارەزوومەندانەی هاوپێچ بە ڕێکەوتن نامەی بەگژداچوونەوەی ئەشکە نجەدان

هەرچەندە نەتەوەیەکگرتوەکان بەڵێنامەی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدانی خستە بواری جێبەجێکردنەوە لە بەرواری 26 ی حوزەیرانی 1987 بەپێی مادەی 27 / 1 لە ڕێکەوتنامەکە ، لە گەڵ ئەوەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان لەڕێگەی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان و بڕیاردەری تایبەت ( مقرر خاص ) سەبارەت بەئەشکەنجەدان ، دەرکەوت کە لە زۆربەی زۆری وولاتانی دنیادا و بەتایبەتی ئەو وولاتانەی کە ئەندامن لە ڕێکەوتننامەکە بەشێوەیەکی فراوان ئەشکەنجەدان هەیە و ئەو ئالیەت و لیژنانە نەیانتوانیوە سنوور بۆ ئەشکەنجەدان دابنێن ، بۆ پێویستی دامەزراندنی ئالیەتی تر هاتە کایەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت چاودێری ڕودانی ئەشکەنجەدان لە وولاتانی ئەندامدا

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

بگرێتە ئەستۆو پێشنیارو راپۆرت بداتە  وولاٌتە ئەندامەکان سەبارەت بە حاڵەتەکانی پێشێلکاری ئەشکەنجەدان لە وولاٌتە ئەندامەکاندا .

یەکێك لە خاڵەبێهێزەکانی کاری لیژنەکانی سەرەوە بریتی بوو لە نەبوونی سەردانی هەمیشەیی بۆ شوێنی گرتووخانەکان لە وولاٌتانی ئەندام و بینینی زیندانی و ڕاگیراوەکان و چاوپێکەتنیان تا بزان  چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کراوە لە کاتی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەدا ، لەبەرئەوەی کە لە ڕێککەوتنامەی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەداندا بابەتی سەردان و بینینی گرتووخانەکان باسی لێنەکرابوو وە لیژنەی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان دەستەلاٌتی سەردان و بینینی زیندانی و ڕاگیراوەکان نی نیە ، بۆیە پێویست بوو کە پرۆتۆکۆلیك هاوپێچ بە ڕێککەوتنامەکە بهێنرێتەکایەوە و لیژنەیەکی لاوەکی پێ دابمەزرێنرێت بۆ ئەوەی لە سەر ئاستی نێودەوڵتی و لەسەر ئاستی ناوخۆی وولاٌتە ئەندامەکان بتوانێت ئەرکی سەردان و بینینی زیندانیان و باری ژیانیان لە گرتووخانەکاندا بەجێبهێنێت . بۆ یە پرۆتۆکۆلی ئارەزوو مەندانە هێنرایە کایەوە لە 18ی کانونی یەکەمی 2002 دا . وە بەپێی ئەم پرۆتۆکۆلە لیژنەی لاوەکی (فەرعی) بۆ نەهێشتنی ئەشکەنجەدان دامەزرا کە لە سەرەتادا لە 10 ئەندام پێکهاتووە و پاش بەئەندام بوونی دەهەمین وولاٌت بۆ پرۆتۆکۆلەکە ژمارەی ئەندامەکانی دەبێت بە 25 ئەندام .

ئەرك و دەستەلاٌتی ئەم لیژنە لاوەکیە بریتیە لە :

1- سەردانی وولاٌتانی ئەندام بەشێوەیەکی هەمیشەیی .

2- بەسەربەستی بۆیان هەیە سەردانی هەرگرتووخانەیەك بکەن لە و وولاٌتەدا یان بۆ  شوێنی لێکۆڵینەوە و ڕاگرتن بەکار دەهێنرێت .

3- نابێت لە کاتی بینیی زیندانی و ڕاگیراوەکاندا هیچ فەرمانبەرێك یان پۆلیسێك یان هیچ کەسێك ئامادە بێت تەنها کەسە زیندانیەکە نەبێت .

4- نابێت بەهیچ شێوەیەك ڕێگری یاسایی یان ئەمنی یان سیاسی دابنرێت بۆ سەردانەکانیان .

5- کاری لیژنەکە بەنهێنی ئەنجام دەدرێت و نابێت تا کۆتایی بلاٌوبکرێتەوە ، پێشنیاری خۆی دەداتە وولاٌتەکە و ئەگەر وولاٌتەکە کاری نەکرد بۆ باشتر کردنی باری زیندانەکە و نەهێشتنی ئەشکەنجەدان ئەواا ڕاپۆرتەکەی بلاٌودەکاتەوە .

6- ئەم لیژنەیە پێشنیار دەداتە وولاٌتەکان بۆ دامەزراندنی ئالیەتی هاوشێوە بۆ چاودێری و کارکردن بۆ بنەبڕکردنی ئەشکەنجەدان . وەلە پەیوەندی بەردەوام دەبێت لەگەڵ ئالیەتە ناخۆکاندا.

7- لەگەڵ دەزگاکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵتیەکانی تر هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی بتوانرێت کە چاودێری باری گرتووهخانەو زیندانەکان بێت بۆ ڕێگرتن لە ئەشکەنجەدان.

## دامەزراندنی ئالیەتێکی نیشتمانی ناخۆ بە بەگژداچوونەوەی ئەشکە نجەدان

بۆ ڕێگەگرتن و بنەبڕکردنی ئەشکەنجەدان پێویستە وولاٌتانی ئەندامی  پرۆتۆکۆلەکە ئالیەتی نیشتمانی دروستبکەن بۆ سەردان و چاودێریکردنی زیندان و گرتووخانەکان بۆ چاودێری و نەهێشتنی ئەشکەنجەدان ، ئەم دەزگایە دەبێت لە سەر چەند قرەنسیپێکی گشتی دابمەزرێنرێت کە ئەمانەن :

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

1- **یاسایی بوون :**

دەبێت بەپێی یاسایەکی تایبەت دابمەزرێنرێت وە بۆئەوەی بەئاسانی هەڵنەوەشێنرێتەوە باشتر وایە ئەساسێکی دەستوری بۆ دابنرێت بۆ دامەزراندن و رێکخستنی کارەکانی ، وەنابێت بەبڕیارێکی دەستەڵاتی تەنفیزی دابمەزرێنرێت تاوەکو بەئاسانی هەنەوەشێنرێتەوە یان بگۆڕرێت .

2- **سەربەخۆیی :**

دەبێت ئەم دەزگایە دەزگایەکی سەربەخۆ بێت و دەبێت ئەم سەربەخۆییە لەیاسا و دەستوردا پارێزراوبێت ، نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەم دەزگایە والێك بدرێتەوە بەشێکە لە حکومەت یان دەستەڵاتی دادوەری ، وەنابێت بەهیچ شێوەیەك ڕێگری سیاسی و مەرجی سیاسی بۆ کارەکانی دابنرێت ، دەبێت دەوڵەت شوێنی پێویستی بۆ دابین بکات ، و دەبێت لەلایەن حکومەت و دەوڵەتەوە کاری ئاسانی بۆ پەیوەندیەکانی بکرێت بەتایبەتی پەیوەندی بەگرتووخانەو زیندانەکان و بنەکاەکانی پۆلیس و ئاسایش ، وە نابێت بەهیچ شێوەیەك ڕێگری بخرێتە بەدەم پەیوەندی لەگەڵ لیژنەی لاوەکی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان لەنەتەوەیەکگرتووەکان . ستافی ئەم دەزگایە دەبێت لەخەڵکانە پێکبێت کەخەمخۆری مافەکانی مرۆڤن و ڕابردەوویەکی پاکیان هەیە لە بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك کاری ئەشکەنجەدان و ئازاردانیان نەکردبێت لە دەزگاکانی وڵاتدا.

3- **سەربەخۆی دارایی :**

دەبێت لە بودجە گشتی دا بڕێك پارەی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی تەرخان بکرێت و نابێت هیچ مەرجێکی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی کار لەسەربەخۆیی نەکرێت لە ڕێگەی بڕینی بودجەو کەمکردنەوەی . هەروەها نابێت لەسەر ڕەخنەگرتن و ئیدانەکردن و باسکردنی حاڵەتەکانی ئەشکەنجە ومامەڵی ناشرین توندی نامرۆڤانەوە بەهیچ شێوەیەك لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت یان سزای دارایی یان جەزایی  یان سیاسی بدرێن.

4- **پێکهاتەی ئەم دەزگایە :**

بۆ ئەوەی ئەم دەزگایە کارەکانی جێگای متمانەی هەموو پێکهاتەی وڵاتەکە بێت دەبێت لەدامەزراندنی ستافەکەیدا پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی وعرقی ئتنی ناو وڵاتەکە بەهەند وەربگیرێت سەرەڕای بەهەند وەرگتنی بەشداری کردنی ژنان لەم دەزگایەدا. هەوەها دەبێت لە بواری پسپۆری پزیشکی و دەرونزانی و لێکۆرەوەی کۆمەڵایەتی خەڵکانی پسپۆر لەم دەزگایەدا کاربکەن.

5- **ئازادی وەرگتنی زانیاری** :

ئازادی وەرگتنی زانیاری چڕ و پڕ لە سەر ژمارەی زیندانیان و شوێنی ڕاگرتنایان و وەچۆنیەتی گلدانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیان و چۆنیەتی پەیوەندی بەکەس وکاریان.

6- **ئازادی پەیوەندی کردن** :

ئازادی پەیوەندی کردن بە زیندانیەکان وڕاگیراوان و کەس و کاریان و پارێزەرەکانیان سەبارەت بە وەرگتنی زانیاری لەسەریان بۆ دڵنیابون لەباری زیندانیەکە و چۆنیەتیمامەڵەی بەپرسەکانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان . هەوەها پەیوەندی

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

بەهەرکەسێك کە پێویست بکات ، هەموو ئەمانە دەبێت بەشێوەیەکی ئاسان وخێراو بێکێشەی سیاسیی‌و یاسای لەلایەن دەوڵەتەوە ، دەبێت بکرێت. هەروەها دەبێت بەئاسانی هاوڵاتیان بتوانن پەیوەندی بکەن بەم دەزگایەوەو هەموو زیندانیەکیش ئاگاداربکرێتەوە کەبەئاسانی دەتوانێت پەیوەندی بکات بە دەزگایەوە لەکاتی پێویستیدا.

**7- پێویستە شوێنی ڕاگرتن و زیندان کردن هەموو ئەم شوێنانە بگرێتەوە :**

( بنکەی پۆلیس و ئاسایش ، بنکەی گرتن و ڕاگواستن ، بنکەی زیندانەکانی سوپا و شوینی گرتنی نا سوپا ، هەموو ئەوشوێنانەی پێش دادگایی کردن خەڵکیان تێدا ڕادەگیرێت ، ئەو زیندانانەی کە محکومینی تێدا بەند دەکرێت تایبەت بەپیاوان یان ژنان یان مێرد منداڵان ، سەنتەرو بنکەی ڕاهێنانەوەی زیندانەکان ، شوێنی کاری زیندانەکان ئەگەر لەدەرەوەی زیندان کاریان پێبکرێت ، شوێنی ڕاگرتنی کۆچکەران لەسەر سنورەکان یان لەناو فرۆکەخانەو وێستگەی شەمەندەفەرەکان ، شوێنی ڕاگرتنی داواکاری پەنابەری سیاسی ، بنکەو دەزگاکانی تایبەت بە زیندان کردنی شێت و نەخۆشی دەروونی ).

**8- ئازادی سەردان وچوونە گرتووخانەکان**

پێویستە ئەم دەزگایە ئازاد بێت لە چوونەژوورەوەی هەموو ئەو شوێنانەی لەخاڵی سەرەوەدا ئاماژەی پێدراوە و بەبێ هیچ ڕێگیریەك ، وە بۆیان هەیە بەشێوەکی تەنها لەگەڵ هەر زیندانیەك یان فەرمانبەرێکی ئەو شوێنانە کۆببنەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری ، هەوەها بۆ یان هەیە بەشێوەی کتوپڕبچنە ئەو شوێنانە. و دەبێت ئەو سەردانانە بەشێوەیەکی بەردەوام بێت هەتا بەشێوەیەکی بتوانن بە باشی چاودێری باری زیندانیەکان بکەن.

**9- ئازادی و سەربەخۆیی پەیوەندیکردن لە گەڵ لیژنەی لاوەکی نەتەوەیەکگرتووەکان :**

دەبێت حکومەت بەهیچ شێوەیەك چاودێری پەیوەندی ئەو دەزگایە نەکات گوێ لە گفتو گۆیان نەگرێت لەگەڵ لیژنەی لاوەکی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**10- بەجدی وەگرتنی پێشنیارەکان :**

دەبێت پێشنیارو ڕاپرسیەکانی ئەم لیژنەیە بەهەند وەربگیرێت کاری جدی لەسەر بکرێت و دەبێت ئەوتوانایە بدرێت بەم دەزگایە کە نووسراو بکات بۆ بەڕێوەبەری گرتووخانەو بنکەی پۆلیس و ئاسایش بۆ جێبەجێکردنی کاری پێویست سەبارەت بەهەر حاڵەتێکی ئەشکەنجەدان یان مامەڵەی نامرۆڤانە، هەوەها دەبێت لەسەر ئاستی دەستەڵاتی تەنفیزی و پەرلەمانەوە گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکانی ئەم دەزگایە بکرێت و کار بکرێت بۆ باشکردنی ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان و ڕاگیراوان.

## پێشنیارەکانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگەگرتن لە ئەشکەنجەدان لەسەردەستی فەرمانبەرانی پۆلیس و ئاسایش

ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەر ناشیونال ( لێبوردنی نێودەوڵتی ) بۆ ماوەی 21 ساڵ کاری لەسەر چەند پێشنیارێك کرد بۆ ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی ئەشکەنجەدان لەلایەن فەرمانبەرانی ئاسایش و پۆلیسەوە وە لە ساڵی 2005دا ئەم پێشنیارانەی خستە بەر ڕای گشتی جیهانی کە لە 12 پێشنیار پێکدێن :

**1- ئیدانەکردنی ئەشکەنجەدان و شیوازەکانی مامەڵەی نامرۆڤانە**

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

پێویستە لەسەر بەرزترین ئاستی دەستەڵات لە وولآتدا کە ئیدانەی ئەشکەنجەدان بکات و بەیاساکان ئەشکەنجەدان بە تاوان لەقەڵەم بدرێت و بەهیچ شێوەیەك چاوپۆشی نەکەن لەئەنجامدەرانی کاری ئەشکەنجەدان و مامەڵەی ناشرینی نامرۆڤانە. وە پێویستە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش هەمیشە ئاگادار بکەنەوە کە ڕێگەنادەن بە ئەنجام دانی ئەشکەنجەدان و مامەڵی نامرۆڤانە و ئەگەر ئەو کارە بکەن تاوانبار دەبن .

**2- دەستەبەرکردنی پەیوەندی و سەردانی زیندانان و ڕاگیراوان :**

ئەشکەنجەدان لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە ناهێڵرێت ئەو زیندانیە یان ڕاگیراوە پەیوەندی بەدونیای دەرەوە زیندانەکە بکات و پەیوەندی بەکەس وکاری و پارێزەرەکەیەوە نابێت، بۆ ڕێگەگرتن لە ئەشکەنجەدان پێویستە ڕێگەلەکەس وکارو پارێزەری ئەو کەسە نەگیرێت کە پەیوەندی بکەن بەو کەسە زیندانیەوە بەشێوەیەکی بەردەوام، هەوەها پێویستە کە ماوەی راگرتنی ئەوکەسە زۆرنەبێت و یەکسەر بخرێتە بەردەم دادگا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی.

**3- نابێت زیندانیکردن و ڕاگرتن لە شوێنی نهێنی و نادیاردا بکرێت و زیندانی نهێنی نابێت ببێت :**

لە زۆر وڵاتاندا ئەشکەنجەدان و زیندانی کردن لە شوێنی نهێنی و نادیار دەکرێت تا قوربانی ئەشکەنجەدانەکە نەبینرێت و بەئاسانی بتوانن ئەوتاوانە بشارنەوە ، دەبێت زیندانی کردن و راگرتن لە زیندانی ئاشکرادا بێت و کەسو کاری زیندانیەکە لە شوێنی زیندانی کردنی ئاگادار بکرێتەوە و پارێزەرەکەی و دادگا لە زیندانی کردنی و شوێنی زیندانی کردنی و هۆکاری زیندانی کردنی ئاگاداربکرێتەوە .

**4- گرەنتی دانی مافەکان لەکاتی گرتن و زیندان کردن :**

لەگەڵ کردنی هەرزیندانیەك پێویستە ئاگادار بکریچتەوە لە مافەکانی وە بەتایبەتی مافی پێشکەش کردنی سکاڵا لە شیوازی مامەڵکردن لەگەڵی ، وە مافی ئەوەی کە لەماوەی کەلەلایەن دادوەرەوە کێشەکەی ببینرێت و لە یاسایی بوونی گرتنەکەی ئاگاداری بکاتەوە . وە ئەگەر زیندانی کردنەکەی نایاسایی بوو ئەوا دەبێت دەستبەجێ ئازاد بکرێت. هەوەها لەکاتی لێکۆڵینەوە پارێزەری لەگەڵدا بێت .

هەروەها دەبێت دەوڵەت دەستەبەری ئەوە بکات کە بارودوخی زیندانەکە و هەل و مەرجی زیندانیەکە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵتیکاندا دەگونجێت چ لە ڕووی شوێنی ڕاگرتنیان و تەوفیرکردنی پێداویستی خواردن و شوێنی خەو و پێداویستی پزیشکی .

**5- پێویستە لەیاسای سزاداندا ئەشکە نجەدان بەتاوان لەقەڵەم بدرێت :**

دەوڵەتەکان پێویستە بەیاسا ئەشکەنجەدان قەدەغەبکەن و وە پێویستە لە یاسای سزاداندا بەهیچ شێوەیەك سزای بەدەنی نەبێت .

**6- لێکۆڵینەوە :**

لەکاتی ڕوودانی هەرحاڵەتێکی ئەشکەنجەداندایان بوونی راپۆرت لە روودانی ئەشکەنجە یان هەرسکاڵایەك ، پێویستە کە بەخێرایی لێکۆڵینەوەی چالاك و بێلایەن ئەنجام بدرێت ، وەپێویستە ئەو لێکۆلینەوەیە وشێوازەکەی ە ئەنجامەکانی بڵاوبکاتەوە ، وەپێویستە ئەو فەرمانبەرو بەرپرسانەی کە گوومان دەکرێت لەوەی کاری ئەشکەنجەدان دەکەن دەستگیر بکرێن و ئەوکەس و شاهیدانەی کە لە کێشەکەدان گیانیان بپارێزرێت .

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

7- **بەدواداچوونی قەزایی :**

پێویستە ئەوکەسانەی کە ئەشکەنجەدان ئەنجام دەدەن بدرێنە دادگا و دادگایی بکرێن بوبێ ئەوەی کە هەند بدرێن بەپلەو پایەیان یان رەگەزنامەیان یان کات وشوێنی ئەشکەنجەدانەکە ، وە بەهیچ شێوەیەك بوونی فەرمانی رەسمی لەلایەن کەسانی سەرخۆیەوە نابێتە هۆکارێك بۆ لێبوردن لێی ین لێخۆشبون لێی. وەئەگەر ئەو کەسەی کاری ئەشکەنجەدان ئەنجام دەدات هاولاتی وولاتێکی تربوو پێویستە وولاتەکان هاوکاری بکەن بۆ تەسلیم کردنەوەی و دادگایی کردنی لە وولاتەکەی.

8- **وەرنەگرتنی هەر ئیفادەو گوفتارێك کە لە ژێر ئەشکە نجەدا وەرگیرابێت :**

پێویستە وولاتان بە هیچ شێوەیەك هیچ ئیفادەو گوفتارێك بەهەند وەرنەگرن ئەگەر لە ژێر ئەشکەنجەداندا وەرگیرابێت و نابێت دادگاکان ئەو ئیفادەیە بکەنە هۆکارێك بۆ ئیدانەکردن . بەڵام ئەگەر ئیفادەکە بەکارهات دژی ئەوکەسەی ئەنجامدەری ئەشکەنجەکەیە ئەوا وەردەگیرێت.

9- **ڕاهێنان :**

پێویستە ڕاهێنان بۆ فەرمانبەران وئەوکەسانەی کە کاری لێکۆڵینەوەدەکەن بکرێت و لەکاتی ڕاهێناندا ئەوەیان بۆ ڕوونبکرێتەوە کە ئەشکەنجەدان و مامەڵەی ناشرینی نامرۆڤانە تاوانن و وە پێویستەلەسەریان هیچ فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی ئەشکەنجەدان جێبەجێنەکەن.

10- **بەدیهێنانی داد پەوەری :**

هەموو ئەوانەی کە قوربانی ئەشکەنجەدانن پێویستە قەرەبۆ بکرێنەوە لەلایەن دەوڵەتەوە و مافیان بۆ بگەڕێتەوە و خزمەتگوزاری ڕاهێنانەوەی پزیشکی و دەروونیان بۆ دابین بکرێت ، لەکاتی مردنی ئەو کەسە پێویستە وەرەسەکەی قەرەبۆ بکرێتەوە لەلایەن دەوڵتەوە.

11- **چوونەناو بەلێنامەو رێککەوتنامە و پرۆتۆکۆلە نێودەوڵتیکانەوە :**

پێویستە لەسەر وولات هەموو ئەو ڕێکەوتنامەو پرۆتۆکۆل و بەڵێن نامە نێودەوڵتیانە پەسەند بکات کە نەهیچشتن و بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەدان مسۆگەر دەکات .

12- هەستکردن بە بەرپرسیارەتی نێودەوڵتی سەبارەت بەئەشکەنجەدان:

دەبێت دەوڵەت هەست بە لێپرسراویەتی نێودەوڵەتی بکات و کاری نێوەندگەری بکات لەو وولاتانەی کە هەواڵی بوونی ئەشکەنجەدانیان لا بڵاودەبێتەوە ، هەوەها دەبێت ڕێگری بکات لەبەرهەم هێنان و هێنان و هاوردەکردنی هەر ئامێر ودەزگایەگ کەبۆ ئەشکەنجەدان بەکاربێت.

## هەڵوێستی عێراق سەبارەت بە ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچوونەوەی ئەشکە نجەدان :

صادق مجلس الرئاسة في جلسته المنعقدة بتاريخ 17–8–2008، على اصدار قانون انضمام جمهورية العراق إلى اتفاقية مناهضة التعذيب وغيره من ضروب المعاملة أو العقوبة القاسية أو اللاانسانية أو المهينة.

وفيما يلي نص القانون:

"بأسم الشعب

مجلس الرئاسة

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

قرار رقم ( 22 )

بناءً على ما اقره مجلس النواب طبقاً للمادة (61 / رابعاً ) من الدستور واستناداً إلى أحكام المادتين ( 73/ ثانياً ) و ( 138 / سادساً ) من الدستور.

قرر مجلس الرئاسة بجلسته المنعقدة بتاريخ 17/8/ 2008

إصدار القانون الأتي:

رقم (30) لسنة 2008

قانون

انضمام جمهورية العراق إلى اتفاقية مناهضة التعذيب وغيره من ضروب المعاملة أو العقوبة القاسية أو اللاانسانية أو المهينة .

المادة – 1–

أولاً– تنضم جمهورية العراق إلى اتفاقية مناهضة التعذيب وغيره من ضروب المعاملة أو العقوبة القاسية أو اللاانسانية أو المهينة التي اعتمدت من الجمعية العامة للأمم المتحدة في 10 كانون الأول 1984 ودخلت حيز النفاذ في 26/6/1987.

ثانياً– عدم التحفظ على اختصاص لجنة مناهضة التعذيب المنصوص عليها في المادة (20) من الاتفاقية المذكورة.

المادة –2–

يُنفذ هذا القانون من تاريخ نشرهِ في الجريدة الرسمية .

طارق الهاشمي عادل عبد المهدي جلال طالباني

نائب رئيس الجمهورية نائب رئيس الجمهورية رئيس الجمهورية

الأسباب الموجبة

بغية مشاركة جمهورية العراق في المجتمع الدولي في جهوده الرامية إلى مكافحة التعذيب وغيره من الأفعال المماثلة، ولأجل تنسيق تلك الجهود، ولغرض الانضمام إلى اتفاقية مناهضة التعذيب وغيره من ضروب المعاملة أو العقوبة القاسية أو اللاانسانية أو المهينة .

شُرع هذا القانون"